کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
25-9-2007 14:54 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## من دەڵێم وئەو دەڵی ... هەردی شەفیق

من دەڵێم نەوتم نیە، غازم نیە، بازاڕی ڕەش و گرانی لەناوی بردین. ئەو ئەڵی ئەم ئازادیە بەرو بوومی شۆڕشەیەك لەدوای یەكەكانی كوردە، من ئەڵێم جاش و مستەشارو كۆنە ڕەفیق حیزبیەكان زۆرینەیان نەك هەر ژیانیان لەژیانی پێشمەرگە دێرینەكان خۆشترو باشترە بگرە خاوەن مەنسەبیشن، ئەوئەڵی ئەم ئازادیە بەخوێنی هەزاران شەهید فەراهم بووە.



من ئەڵێم ئازادی چی لێبكەم لەشەوی سی جەژنەو لەسێدارەدانی سەدامدا فوو لەبەهەدەر چوونی ساڵێكی تری تەمەن بكەم و پێشوازی لەساڵێكی تری نەهامەتی بكەم؟!ئەو ئەڵی ئەم ئەزمونە قوربانی بۆدراوە خوێنی بۆدراوە من ئەڵێم باشە خۆ پاشماوەی ئەنفالەكان ی گەرمیان لەخێوەت و قوربانیەكانی هەڵەبجە لەكەلاوە ڕوخاو و وێرانەدا بەدیار چراو هەزار دەردی سەری ترەوە ژیان دەگوزەرێنن، ئەودەڵی قۆناغەكەمان ناسكە نەبادا ئەزمونەكەمان لەدەست بچی، لەم كاتەدا تەنها پێویستە بیپارێزین.

من ئەڵێم سكی برسی و خەڵكی تورە خوێنی پێنادری، ئەوئەڵی سۆماڵ وایە ئەریتریا وایە ئەفغانستان وایە.... هتد، جاران بەبرسێتی و نانەڕەق شەڕمان ئەكرد لەشاخ، من ئەڵێم سەردەمی شاخ بوو بەمێژو و خۆتان وتەنی ئێستا قۆناغی شارو كۆمەڵگای مەدەنیە، ئەودەڵی كەربەلاو نەجەف و بەسرەش وایە، من ئەڵێم چۆن چۆنی ئەزمونی (15) ساڵەت ئەگوێزیتەوە بۆباشور تاچاو لەكوردستان بكەن؟ئەو ئەڵی ئارامی هەیە ئاسایش هەیە. من ئەڵێم ژیان نیە گرانیە، ئەو ئەڵی ساڵی ئاییندە هەزار كۆمپانیای تردێنە كوردستان و هیچیشیان كۆمپانیایەك نین كارگەیەكی وەبەرهێنان لەكوردستان دابمەزرێنن. من ئەڵێم كۆمپانیا ئەگەر بۆخزمەتی خۆی نایەت باگرنگی بدات بەبەرووبومە ناوخۆییەكان، ئەو ئەڵی ساڵی ترحزب و حكومەتیش ئەسپێرین بەكەرتی تایبەت.

من ئەڵێم كارەبانیە بازاڕ پڕبووە لەسپلیت و هیتەر!!ئەو ئەڵی خەتای من نیە بازاڕەكەی ئازادە، من ئەڵێم بیكەر _هاملتۆن باهەر بۆخۆی بڵی تۆ خێوەتگای ماڵە ئاوارەكان بكە بەخانو و ژیانێكی خۆشیان بۆدابین بكە بزانە ئەوانەی تركەماونەتەوە خۆیان ناگەڕێنەوە، نەك ناچاریان بكەیت بگەڕێنەوە. ئەوئەڵی بەدەستوریش نەگەڕێتەوە بەخوێن ئەی گێرینەوە. من ئەڵێم خۆمان غەرقی نەهامەتین و لەشفرۆشی ڕۆژ بەڕۆژ لەزیاد بووندایە لەهیچمان كەم نیە ئایدزنەبی!دەڵێم تلیاك هەرەشە لەبلاو بوونەوە و لەناوبردنی گەنجەكان ئەكات لەداهاتوودا، ئەو ئەڵی ئەوەتا لەباشورەوە براعەرەبەكان دێن و لێرە كار دەكەن و نیشتەجی ئەبن ئەمەش مانای وایە ئەمن و ئاسایش بەرقەرارە، من ئەڵێم كری ی خانوو فرێ هێشتا زۆرینەی گەنجەكانی كوردستان بێكارن، ئەوئەڵی مانای وایە حوكومەتەكەمان دیموكراسیە و لەدەستوردا ئەو تەعریبە ڕێگە پێدراوە، من ئەڵێم بەرپرسەكان هەرمرۆڤەكان ماون بیكرن، ئەو ئەڵی بەقەد توكەسەری تۆپێلاوم بەشاخەوە دریوە، من ئەڵێم ئەو خەڵكەش قوربانیانداوە ئەنفالكراون، ئەگەرواش نەبووبێت لایەنی كەم نانیان پێداون، داڵدەیان داون، ئیهانەكراون، تەعەدا لەشەرەفیان كراوە، ئەو ئەڵی لەهەموو دنیادا لەسەرەتادا هەروابووە، من ئەڵێم ئەگەر بۆئەوە پێشمەرگە بوویت خزمەت بكەیت، ئەوەی ئێستا تۆئەیكەیت لەخزمەت دەرچووە كەسابەتی پێدەوتری.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەو دەڵی خۆشیت بی و ترشیت بی هەرئەوەیە. من ئەڵێم ئەگەرپێتان چاك ناكری ڕێگا لەو خەڵكە مەگرن وڵات جێدێڵن. ئەو دەڵی گەنجی ئێستا قەدری ئەم ئەزمونە نازانێت و سەردەمی ڕژێمیان نەدیوە. من ئەڵێم تەماتەمان لەسوریاوە بۆدێت و پەتاتەش لەئێرانەوە بەپیت ترین دەشتیش لەدوونیادا شارەزورە تەماتە و پەتاتەی ئێرانی و سوری ئەخۆن!ئەو ئەڵی ئەوەشتێكی ئازادە لەدنیای سەرمایەداریدا. من ئەڵێم وەزعی عێراق هەمیشە لەتەقینەوەدایە ئەم وەزعەی ئێمەش بەكزەبای حیسارێك تێك ئەچێت، ئەو ئەڵی جاری كێشەی ترمان زۆرە لەبەغدا نایەڵن دەنگمان هەبێت. من ئەڵێم ئەم بێبەرنامەیی و گەندەڵیە نابوت تان ئەكات تاسەروابی. ئەو ئەڵی ڕۆژئاواش بەوقۆناغەدا تێپەڕیوە، من ئەڵێم ڕۆژئاوا بەهەشتێكی خەیاڵیە لەڕوی خزمەتگوزاریەكانەوە، بۆچ لەخراپیەكاندا وەك گەندەڵی و وەرگرتنی باج بەئەوروپا بەراوردمان ئەكەن بەوان، ئەو ئەڵی ئەوان هەزارساڵە حوكمەتن. من ئەڵێم ئەوان باجی ئاو و كارەبا و غازو جادەوەرئەگرن پارەی بێكاری و... هتد لەوانەیە تۆپارەی تاسەوچاڵ و چۆڵی جادەو (ئەوخانوانە وەربگریت هەیانە لەبەربێ ئاوی چۆلەكەی تیانانیشێتەوە و لەبەربێكارەبایی گەڕاوەتەوە بۆسەردەمی پێش لەدایك بوونی ئەدیسۆن) وەربگریت ئەو دێت باسی كۆمپانیای مۆبایل و ژنە فیللەندیەكانم بۆئەكات بۆخزمەتكاری ڕویانكردووەتە كوردستان و ئەڵی ئەوەمنم ئەمن و ئاسایشم دابینكردووە بێنە كوردستان.

من ئەڵێم ئەزانم ئەوەتۆیت، بەڵام كۆمپانیاكانت بوژانووەتەوە نەك خەڵك هێشتا نەت توانیوە كارگەیەكی بەرهەم هێنانی دۆشاوی تەماتە دابنێیت یابەشی دانیشتوانی شارێك پیاز بەرهەم بهێنیت. ئەو ئەڵی ئەوەمنم ئاشتی وئارامی لەعێراقدا بەرهەم دێنم بەهەموو سەركردەكانمەوە لەخزمەتی چەسپاندنی ئاشتیم لەعێراقدا، منیش ئەڵێم ئەوەش لەبەرچاو بگرە ئێمەش بتڵی غاز لەئێران ئەگۆڕین. كەئەزانی كارەبات نادەنی، سوتەمەنیت نادەنی، میللەتەكەت ئەچەوسێننەوە هێشتا كولەكەیەكیان بەدەست نیە دەنگت ناخوێننەوە، ئەوئەڵی عێراقی هیوائاشتی پێویستی بەمنە، من ئەڵێم تۆ لەباڵخانەكانتەوە سەروەت و سامان تەخشان و پەخشان ئەكەیت و ئەو خەڵكەش غەرقی مەحرومیەت ئەكەی، ئەوەتۆی كوڕە شەهیدێك پەشیمان ئەكەیتەوە لە كوردبوونی خۆی باشترنیە پەند لەو سەركوتانەی ڕژێمی پێشو وەربگری تۆی كرد بە حوكومەتی خەڵك و خاوەنی ئەم دەنگ و دەسەڵاتەی ئێستا، ئەو ئەڵی ئێمە دەسەڵاتی ڕەسەنی میللەتین و هەڵبژاردن شاهیدە و دەسەڵاتی ئێمەو ڕژێم لێكدی دورن و هەرگیز نابین بەوان، من دەڵێم ئەوە ئێوە ی بەرپرسن سەرو دەرزەن ژنتان هێناوەو باسی ئازادی ژن ئەكەن. ئەو ئەڵی ئەوە دیاردەیەكی تاك و تەرایە لەكۆمەڵگاشدا هەروایە من ئەڵێم ئازادی لەوەدانیە شار پڕبێت لەسۆزانی كەس دەنگ نەكات و ئازادی لەوەدانیە بەرنامەیەك نەبێت بۆلاوان بابەتەسێكسیەكان لەڕێ ی سیدی وسەتەلایتەوە تەشەنەبكات و، ئەو دەڵی َسیدی و سەتەلایت بەئێمە قەدەغە ناكرێت ڕاستە ئێمە بەقەد پێویست خزمەتمان نەكرد، بەڵام ئاوڕمان لێداونەتەوە، من ئەڵێم گوناهە ئەوخەڵكە بەدروشمی قۆناغەكەمان ناسكەو دوژمنەكانمان زۆرن و.. هتد سەركوتبكرێن و لەهەمانكاتدا ناعەدالەتی لەتۆوە دەست پێبكات، ئەوخەڵكە برسیە من دڵنیات دەكەم، بەسكی بەتاڵ و نانەڕەقەوە شەڕلەگەڵتانك وتەیارەدا ناكری بەڕێزیشت لەهیچت كەم نەبێت ئەوئەڵی ئەوخەڵكە ناعەدالەتی سەردەمی ڕژێمیان نەدیوە، سەردەمی شاخیان نەدیوە بۆیە وائەڵێن. من ئەڵێم تاخەڵكی لێت تورەتربێ گیانی بەرگری كەمترئەبی، ئەو ئەڵی ئەگەرخەڵكی برسیش بێت شەرەف و نیشتمانەكەی نادۆڕێنی شەڕ بەبیرو باوەڕ ئەكری نەك بەپارەو سامان، من ئەڵێم كار گەیشتوەتەڕادەیەك خەڵك بانگەشە بۆفرۆشتنی گورچیلەی خۆی بكات!ئەو ئەڵی ئەوەحاڵتێكی تایبەتیە نەك گشتی. من ئەڵێم ئەوەتۆیت شەش تاحەوت پۆستت داگیركردوە لەهەر فەرمانگەیەكدا كۆڵی

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

كوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەكی ئەلكترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی كوردیە
www.kurdistannet.org
25-9-2007 14:54 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

فەرمانبەری نەخوێنەوارت كۆكردوەتەوە بۆعەزابی هاولاتیان، ئەوەتۆیت لەلایەكەوە ئەمانگێرپیتەوە بۆسەردەمی جەهل و خورافەو لەلایەكی ترەوە باسی زانستی سەردەم مان بۆئەكەیت، ئەوەتۆیت كارێك ئەكەیت خەڵك حاشا لەكوردبوونی خۆی بكات و چوارسەد هەزار جار پەشیمان بێت لەكورد بوونی خۆی چوارسەد هەزار جاریش پەشیمان بێت لەو رۆژانەی تۆی بەنوێنەری خۆی هەڵبژارد و چەپڵەی بۆلێ ئەدای، ئەوەتۆی خەڵكێكت لەگۆشەی ماڵەكانیاندا زیندانكردووە كەئەتوانن داهێنانی گەورەبكەن وەك كولێرەو نانەساجی عەرزو ئیمتیازو پۆست بەسەردۆست و ئاشنای خۆتدا ئەبەخشیتەوە، ئەوەتۆیت بەڵگەی گەندەڵیەكانت گازاندەی هاولاتیان لەرو پەری رۆژنامەكاندا ئەبینی وبەپێكەنینەوە بەنوسەرەكەی ئەڵی ی فیشەكێكی بۆكورد نەتەقاندووە، ئەوەتۆیت نازانیت زولم هەرزولمە رۆژێك هەردێت یەخەی خاوەنەكەی ئەگرێت، ئەوەتۆیت یاسات كردوە بەچەكێك بۆبەرگری كردن لەخۆت و پاساودانی گەندەڵی و هەركاتی بێتاقەت بویت ئەیشكێنی وهەركەسیش پی ی لاردانا هەر بەویاسایە كەشمولی خۆت ناكات سزای ئەدەی، ئەو ئەڵی گەر قارەمان و شۆرشگێربێت قسەناكات وەك شاری (ستالینگراد) تا دوا دڵۆپە خوێن بەرگری لەخاكەكەی ئەكات، من ئەڵێم پێش راپەرین منالێك ئەگەر تەمەنی (5) سالآن بووبێت هیچ لەسەردەمی رژێم نازانێت ئێستا (23) سالآنە، لەئیستاوە، لەئەمرۆوە دوێنی ی تۆ ئەخوێنێتەوە، ئەوئەڵی پێویست ناكات لەئەمرۆوە دوێنی بخوێنێتەوە بابچێت لەدوێنێوە ئەمرۆ بخوێنێتەوە.
ئێترمن ئەڵێم و ئەو ئەڵی تاتەمەن دوایی دێت.

Jgarsoz8181@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.